**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (٣) بۆکان لە کتێبی(دەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان) نووسینی ئەحمەدی قازی**

## بۆکان لە کتێبی(دەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان) نووسینی ئەحمەدی قازی

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

لە تەواوی ئەو سێ جوارساڵەی کە لە بۆکان بووم هەموو حەولودەولم ئەوە بوو دەگەڵ فەرهەنگی یەکان بە مودیر و مامۆستا وکارمەند و قوتابی یەوە پەیوەندییەکی باش و دۆستانەم هەبێ و بتوانم تا ئەو جێگایەی دەکرێ بۆ خزمەتی خەڵک و کۆمەڵگا هانیان بدەم زۆر زووزوو قوتابخانەکانم بە سەر دەکردەوە و زۆرم لە شاگردان دەپرسیەوە و ئاگام لە وەزعی مەدرەسەکان بوو دەتوانم بڵێم زۆربەی مامۆستاکان لە باری بەڕێچوون و داهاتەوە دە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون بە قەرزوقۆڵە مانگیان تێپەڕ دەکرد و بە بەقاڵ و چە قاڵ و.. قەرزدار بوون و زۆر دە زەحمەت دابوون مووچەی مانگانە زۆر کەم بوو ژیان و کوێرەوەری برستی لێ بڕیبوون و پلەی سەواد و زانستیان زۆر لە خوارەوە بوو هەڵبەت تەک و تەراپان تێدا بوو کە ئەهلی کتێب و خوێندنەوە بوون و سێعر و بەرهەمی باشیان هەبوو.

لە سەرەتای چوونم بۆ بۆکان سەرنجم بۆ لای ئاکارێکی نالە باری تاقمێک لەو فەرهەنگی یانە راکێشرابوو . ئەو تاقمە فێری قومار ببوون و پووڵیان لە یەکتر دەبردەوە و زۆر جاریش دەگەڵ ئاغاوات و دەوڵەمەندانی شار دەکەوتنە مەجلیسی قومار و دارونەداریان دەدۆڕاند و دەکەوتنە قەرز کردن و سواڵ و سەدەقە . ئەو تاقمە وردەوردە منیشیان کێشا مەجلیسی شەوانەی خۆیان و خەریک بوون بە بڕوای خۆیان بمکەنە پای قومار و پووڵم لێ بەرنەوە بەڵام تەنانەت جارێکیش دەستم بۆ پەڕی قوماریێ نەبرد زۆرتر بۆ ناسین و موتاڵایەکی کۆمەڵناسانە رەگەڵیان دەکەوتم چون رەئیس بووم هەرچەند لە هەموویان کەم تەمەنتر بووم لە لای سەرووی مەجلیس دایاندەنام بە چایی و شیرینی پە زیرایی یان لێدەکردم و خۆیان وردەوردە دەستیان دەکرد بە قوماری بانکی ئەردەبیلی و گوڕە و هەرایان بەرز دەبۆوە و قسەی ناشیرین و هەڕوگیف و جنێوی بە پەردە و بێ پەردە دەستی پێدەکرد تا شەو لابەلا دەبوو ئەو هەرایە درێژەی دەکێشا و منیش ناچار دەگەڵیان دادەنیشتم و کاتی بە نرخم بە فیڕۆ دەدا. دە یەکێک لەو شەوانەدا لە ماڵی مامۆستایەک کۆ بووینەوە کە لە بەر نەداری تەنیا توانیبووی وەتاغێکی درێژ لە ماڵێک بە کرێ بگرێ و بە خۆی و ژن و دوو منداڵەوە تێیدا بژین وەتاغەکەیان بە پرەدەیەکی چڵکن و شڕ کردبووە دوو بەشی نابەرانبەر بەشە کەمەکە ژن و منداڵی و چا و سەماوەری لێبوو بەشە گەورەکەش بە ئەندازەی فەرشێکی ٣ لە ٤ بۆ میوانان تەرخان کرابوو لایەکی پەردەکە هەڵدرابۆوە بۆ وەی هاتوچۆی دەروژووری پێدا بکرێ وەک هەمیشە پاش بە خێرهێنان و لە سەرچاودانان و خواردنەوەی چایەک بەزمی قومار دەستی پێکرد منیش لە لای سەروو بە خوێندنەوەی رۆژنامەیەکەوە خۆم خەریک کرد قوماری ئەو شەوە زۆر بێ رەحمانە بوو ساحێب ماڵ هەرچی بووی دۆڕاندی و باقی قوماربازەکان کە دەیان زانی پووڵی پێ نەماوە دەیانویست لە بازنەی قومار وەدەری نێن ئاگام لێبوو سەبرێکی خۆی گەیاندە خێزانی و داوای زێڕەکانی لێکردکە بیانکاتە سەرمایەی بانک ژن خۆی دەرِنی و نەی دەدایە ئەویش یەک دوو لیرەی لە ملی ژنەکەی دارنی و هاتەوە گەڕی کایە و گوتی فەرموون ئەوەش پووڵ زۆرم ئەو کارە بە لاوە ناحەز بوو زۆر تووڕە بووم بەڵام نەم درکاند لێبڕام ئیتر نەیەمەوە ئەو مەجلیسانە و کارێکیش بکەم ئەو کارە پەست و ناحەزەیان پێ تەرخ بکەم بەڵام چۆن؟ نەمدەزانی چ بکەم کابرا پووڵی خۆی دەدۆڕاند بە من چی؟ هەر لە بیانوو دەگەڕام کە پاش دە دوازدە رۆژێک ئەو بیانووەم بۆ هەڵکەوت.

شەوێک لە ماڵی خۆم دانیشتبووم و خەریکی خوێندنەوەی رۆمانێک بووم شەو زۆر درەنگ بوو لە نەکاو لە دەرگایان دا تاقی تەنیا بووم دەرگام کردەوە دیتم هەمان مامۆستایە کە زێڕەکەی لە ملی ژنەکەی داڕنیبوو و دۆڕاندبووی بە ڕێز و ئیحتڕامەوە خولقم کرد بێتە ژوور لە حالێک دا سەری دەبەر خۆی نابوو وەدوام کەوت و چووینە ژوور دەستی کرد بە گریان و قوڕ پێوان و سەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەقەندرا . دەبێ چی لێ قەومابێ؟ لێم پرسی دەی برا فەرموو بزانم چ بووە؟ بۆ وا لە کوڵی؟ سەرەنجام بە قسە هات وبە پاڕانەوە و لاڵانەوە کوتی ئەگەر بە دادم نەگەی ئابڕووم دە خەتەر دایە ئەو شۆ لە ماڵی ئێمە قومار بوو یەکێک لەو ئاغایانەش دەگەڵ بوو دارونەداری لێ بردینەوە و بێجگەلەوەش هەزار و

دووسەت تەمەنی پێ قەرزدار ماوم پێی چەقاندووە و دەڵێ تا ئەو پووڵەشم نەدەنێ لەو ماڵە نابزووم هاتووم بە هاوارم بگەی و ئەگەر ئەو پووڵەی بۆ نەبەم لەوانەیە بێ ئابڕووییش بکا. هەزارو دووسەت تمەن دەوان رۆژان دا پووڵێکی زۆر بوو بڕێکم لە ماڵێ هەبوو بەو شەوەی ناردمە لای دۆستێک و باقی پووڵەکەشم بۆ پەیدا کرد و گوتم ها برۆ ئەو کەڵەگایە لە ماڵێ وەدەربنێ و پێی بڵێ رەئیسی فەرهەنگ دەڵێ سبەی بێتە ئیدارە کارم پێ یەتی پاش هەندێک سپاس و لالانەوە سوێندی خوارد لەمەوپاش تازە بۆلای قومار و مەجلیسی قومار ناچێتەوە و تۆبەی دەکا. سبەینەی ئەو شەوە هەندێکم لەو مامۆستا و کارمەندانەی ئالوودەی قومار بوون بۆ دانیشتنێک لە ئیدارە کۆ کردەوە و زۆر بە توندی و تووڕەیی رووداوی شەوی پێشووم بۆ باس کردن و رامگەیاند لەوە پاش هەر کەس لە مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە لە ماڵی خۆی قومارباززان کۆ کاتەوە و ببێتە هۆی سەرشۆڕی و شەرمەزاری خۆی و ئیدارە و هاوکارانی بە بێ سێ و دوو دەدرێ بە دادگای ئیداری و بە پێی قانوون رەفتاری دەگەڵ دەکرێ . بەو هەڕەشە یە ئەو عادەتە پیسەش لە نێو مامۆستاکان لە کەمی دا و زۆربەیان وریا بوونەوە و روویان دە خۆێندن و سەرخستنی پلەی سەواد ومەدرەکی خۆێندەواریی خۆیان کرد . ئەو مامۆستایەی بۆ پووڵ هاتبووە ماڵمان هەر ئەو ساڵە کلاسی سێهەمی ناوەندی تەواو کرد و کلاس بە کلاس خوێندی و چەند ساڵ دواتر کە من لە بۆکان نەمابووم و پاش چوار ساڵ زیندان کێشان لە تاران ئاکنجی بووم رۆژێک لە مەیدانی بیست و چواری رەشەمە (مەیدانی ئینقلابی ئێستا) گزوگومبەت لەو مامۆستایە هەڵەنگوتم و یەکترمان دە باوەش گرت و خۆش و بێشمان کرد زانیبووی من گیراوم زۆری شوکری خودای کرد کە رزگار بووم هەندێک پێکەوە راوەستاین و باسی بۆکان و حاڵ و رۆژی دۆستانم لێ پرسی وەک دەیگوت پاش رۆیشتنی من چەند کەسێک لە مامۆستاکان پیاوانە روویان دە خوێندن کردبوو سێ چوار کەسیان ببوونە وەکیل و چەند کەسی دیکەش دەرشتەی ریازی و ئەدەبی دا لیسانسیان وەرگرتبوو و خۆیشی لیسانسی عولوومی قەزایی وەرگرتبوو وازی لە دەرس و مەدرەسە هێنابوو و ببووە وەکیلی دادگوستەری و لە تاران کاری دەکرد. ئەوەش با لە بیر نەکەم چەند رۆژ دوای ئەو شەوە کە بۆ پووڵ پەنای هێنایە ماڵی من تەنیا تاقە فەرشێکی کە هەیبوو بۆ منی هێنا تا وەبەر پووڵەکەی بخەم زۆر تووڕە بووم بەڵام فایدەی نەبوو بە سوێند و تەڵاقان رەش و شین بۆوە و فەڕشی بە جێ هێشت ئەو فەڕشە تا لە بۆکان بووم لە ماڵە من بوو پاشان کە هاتمەوە مهاباد دام بە مزگەوتی قازی.

ساڵی ١٣٤٠ لە سەر دەعوەتی هەندێک لە خزمان و دۆستان بوومە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا خوالێخۆشبوو ئەحمەد توفیق (عەبدوڵلای ئیسحاق) دەبیر کوللی حیزب بوو ساڵی ١٣٣٢ پاش کودەتای ٢٨ ی گەلاوێژ لە مهاباد دەرباز ببوو و پەنای بردبووە کوردستانی عێراق و لەوێ را کاروباری حیزبی بەڕێوە دەبرد ئەو ساڵەی کە من بوومە ئەندامی حیزب شۆڕشی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی دەستی پێکردبوو ئەحمەد تۆفیق و بەشێک لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب رایان لە سەر ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات دەبێ بە هەموو تواناوە یارمەتی ئەو شۆڕشە بدا بە هەزاران وێنەی سەرۆک بارزانی لە کوردستانی ئیران بڵاو کرابۆوە و هەواڵی رۆژ بە رۆژی شەڕی پێشمەرگە و سپای دەوڵەتی عێراق دەگەیشتە گوێمان و کوردستانی ئێران هەستی نەتەوایەتی تێدا وەجۆش هاتبوو بڵاوفۆکێکی حیزبی بە ناوی دیسان بارزانی لە لایەن حیزبەوە بڵاو دەکرایەوە کە هەمووی باسی شۆڕش و هەڵمەتی پێشمەرگە و بارودۆخی کوردستانی ئەو دیو بوو. لە ساڵی ١٣٣٨ بەملاوە دووبەرەکی یەک کەوتبووە نێو بەڕێوە بەرایەتی حیزبی دێموکرات هەرچی دوکتور قاسملووی رەحمەتی بوو لایەنگری سەربەخۆیی حیزب و رێبازی چەپ رەوانە بوو لەولاشەوە رەحمەتی ئەحمەد توفیق لایەنگری رێبازی نەتەوە خوازی و ناسیونالیستی بوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٢ دا هێشتا دوو سێ رۆژێکی بۆ نەورۆز مابوو گرتنی ئەندامانی حیزب لە سەرانسەری کوردستان دا دەستی پێکرد و من لە نزیک ماڵی خۆمان دەگەڵ کاک عۆمەری ئامۆزام گیراین و بردیانینە سەربازخانە ، بەیانی دەوروبەری سەعات ٨ گەیشتینە تاران و یەکسەر بردیانینە زیندانی قزل قەڵا و هەر کەسەیان دە سیللولێکی تاکە کە سی هاویشتین و دەرگایان لە سەر داخستین شەوی نەورۆز بوو لێپرسینەوە و بازجویی لە ئارا دا نەبوو کار بە دەست و مەئموور و دەست و پێوەند هەموویان دە پشوودانی نەورۆزی دا بوون لە بەرانبەر سیللولەکەی من لەو بەری راڕەوەکە رۆژێک گوێم لێبوو یەکێک لە گرتووکان هاواری لێ بەرز بۆوە و بە سەربازی ئەمر بەری دەگوت کە هەموو پووڵ و پارەکەیان لە کاتی گرتن دا لێ وەرگرتووە و هێشتاش دەیەوێ سیغار بکرێ و پووڵی نیە دیار بوو لە سوێی سیغارێک ئاوری گرتبوو کابرای ئەمربەرم بانگ کرد و سەد تمەنم دایە گوتم بیدە بەو ئاغایە ئەمر بەر وەک پیاوان بە قسەی کردم و هەرا بڕایەوە گوێم لێبوو پاش

ئەوەی سیغاریان بۆ هێنا یەک بە خۆی دەنگی لێ هەڵێنابوو دەیگوت ئەوە کێ بوو لێم بوو بە خدری زیندە و ئەو پووڵەی بۆ ناردم خوا بی حە سێنیتەوە. پاش ئەوەی لە سیللول هێنایانینە دەرێ یەکترمان ناسی قادراغای مەڵلالەری بوو (قادری قارەمانی) . بەرەبەرە بازجویی کۆتایی پێهات و ئەوەی کە لە بازجویی تەواو دەبوو دەیانبردە بەندی گشتی و چاوی بە هاورێ یان دەکەوت و بە گاڵتە و گەمە رایان دەبوارد سەرەنجام گەیشتینە مانگی جۆزەردان و لە یازدەی ئەو مانگەدا (جۆزەردانی ١٣٤٢) لایەن گرانی ئایەتوڵلا خۆمەینی لە قوم و تاران و هەندێ شوێنی دیکەدا رژانە نێو شەقامەکان و گەورەترین خۆپێشاندانی چاوەروان نەکراویان لە دژی شا و ئینقلابی سپیدا بەرێوە برد ئەو خۆپێشاندان و راپەرینە تەختی حەمەرەزاشای لەرزاند و دەزگای ساواک و ئورگانەکانی ئەمن و ئەرتەش ترسیان رێ نیشت هەزاران کەس لەو خۆپێشاندانانەداگیران و زیندانەکانی تاران جێگەی ئەو هەموو زیندانیەی نەدەبۆوە ئەوەندەم زانی هەر لەو رۆژەدا دەرکی سیللولەکەیان کردمەوە و گوتیان زوو خۆت خڕکەوە و رەپێچەکیان دام بۆ بەندی گشتی و ئاخوندێکی باڵا بەرز و پاک و خاوێنیان لە جێی من لە سیللولەکە پەستاوت پاشان بۆم روون بۆوە کە ناوی ئایەتوڵلا مرواریدە و یەکێکە لە بەرێوە بەرانی بزاڤی ئیسلامی لە ئێراندا. لە بەشی گشتی دا دەگەڵ خزم و دۆستان یەکترمان گرتەوە لە ژیانی تاکە کەسی نێو سیللول رزگار بووم پۆلێک لە شاعیران و رووناکبیران وەک سوارە ، عەلی حەسنیانی (هاوار) ، فاتیحی شێخەلئیسلامی (چاوە) ، عەزیزی ژیان ، مستەفای ئیسحاق (برای ئەحمەد توفیق) ، بایزی شیروانی و و مەحمودی مەردووخ و ئەحمەدی موفتی زادە و عومەری قازی و چەند مەلا و ئاغاوەتی دێبوکری وەک قاسماغای موهتەدی و سولەیمان و عوسمانی عەلیار و کاک سەمەدی ئاغجەیوان و کاکەباسی کانی سیران و رەسولی فەتتاحی و حەسەناغای جەوانمەردی و پیاوماقوڵی وەک حاجی کیانی لە هەورامان و خەڵکی دیکە لە چین و توێژی جیاواز وەک وەرزێر و بازاڕی و کاسبکار پێکهاتەیەکی تەواویان لە کۆمەڵگای کوردەواری پێک هێنابوو.

هەباساغای کانی سیران پیاوێکی بەرێز لە خانەوادەی عەبباسی سەر بە عەشیرەتی دیبوکری بوو بەداخەوە لە هەرای شۆرشی سەرانسەریی گەلانی ئێراندا (١٣٥٧) گیانی لە دەست دا پیاوێکی رەزا سووک و تا خودا حەز دەکا پیاوێکی بە ئەدەب و ماقووڵ بوو. لە زیندان دا قەت کۆتەکەی دانەدەنا دەیانکوت زێڕ و لیرەی تێدایە.

کاک سەمەدی ئاغجەیوان ئەویش هەر لە عەبباسیەکان بوو دڵسۆزی کوردایەتی بوو ورگ زل و تاس و خوێن شیرن بوو خوا لێی خۆش بێ.

کاک رەحمانی شەریف زادە خوێندکاری زانکۆی حقووق راوێژی خۆش نەبوو سولەیماناغای عەلیار پێی دەگوت رەحمان واباشترە تۆ قسەکانت لەولای بۆ ئەحمەدی قازی بگێرِیەوە با ئەو بێ بۆ ئێمەی بڵێتەوە. ئەو سولەیماناغایە پیاوێکی سەیروسەمەرەی قسە خۆش و رەزاسووک بوو کوڕی گەورەی عەلیاغای حاجی ئێلخانی بوو دەتوانم بڵێم هەموو شیعرەکانی هەژاری لە بەربوو ئەگەر ویستبات توورەی بکەی ئەوەندە بەس بوو بڵێی شیعری هەژار لاواز و بێ ناوەرۆکن یا مەسەلەن ناگەنە ئاستی شێعری هێمن یا گۆران قەڵس دەبوو دوو هەفتە نەیدەدواندی من کە زۆرم خۆش دەویست و ئەویش بێ من هەڵی نەدەکرد زۆرم توورە دەکرد .

# مانەوە لە بۆکان دوای شۆڕشی گەلانی ئێران

تەنیا شارێک کە بە دەست پێشمەرگەوە مابوو بۆکان بوو جارجار بۆ حەمام کردن و کڕینی پێداویستی خۆمان دەچووینە ئەوێ هات و چۆ زۆر زەحمەت بوو بە نزین بە زەحمەت وەدەست دەکەوت لە بۆکان زۆرتر لە مالی خوالێخۆشبوو مامە عەلی سیقەتی قازی کە خزمی خۆمان بوو دەمانەوە زۆر بە گەرمی پێشوازیمان لێ دەکراو پێمان رادەگەیشتن و هەتا ماوم خۆم بە قەرزداری ئەو بنەماڵە دڵسۆزە دەزانم . بۆکان پڕ بوو لە ئەندامانی حیزب و سازمانەکانی دیکەی وەک کۆمەڵە و چریک فیدایی و حیزبی کومونیست و.... و هەر لەوێش جارێکیان کۆمەڵە لە ماڵی کاک عەلی هاتنە سەرکاک مستەفای برام و چی وای نەمابوو شەڕێکی گەورە لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا هەڵبایسێ کە سەرەنجام بە نێو بژی کاک رەحمانم و مەلا شێخ عێزەدین گیر و گرفتەکە کۆتایی پێهات . لە بۆکانەوە هاتوچۆی سەرەوەم دەکرد یانی ئەوشوێنانەی کە

بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی لێ بوو (شیوەجۆ) لە مەڵبەندی سەردەشت و چاوم بە دۆستان و ئاشنایان و خزمان دەکەوت. ماوەیەکیش لە گوندی دەرمان لە نێوان بۆکان و مهاباد دەگەڵ خوالێخۆشبوو عەلی حەسنیانی (هاوار) و مستەفای ئیلخانیزادە و کاک حوسێنی ئیبراهیمی و خانمێک بە ناوی بابانزادە مامەوە و گۆوارێکمان بە نێوی پێشەوا دەردەکرد کە زۆر پێشوازی لێ دەکرا و لە نێو شار و سەرانسەری ناوچە دا بڵاو دەکراوە. هەر لەو ساڵەدا پاش چاوپێکەوتنی دوکتور قاسملوو و هێندێک لە ئەندامانی سەرووی حیزب لێبڕام هەر چۆنێک هەیە سەفەرێکی تاران بکەم و چاوم بە ژن و منداڵ بکەوێتەوە زۆر لە مێژ بوو لێ یان بێ خەبەر بووم و تامەزرۆی بینینیان بووم دوکتور قاسملووچەند نامە و بابەتی پێدام کە بیانگەیەنمە دەست بەنی سەدر و فرووهەر و هەندێ کەسی دیکە ئەو جار گرفتەکە ئەوە بوو چۆن بچمەوە تاران ؟ ڕێگاکان هەمووی گیرابوون بە لای میاندواو و تەورێزدا دەرچوون محاڵ بوو بە لای سەقزیش دا لە گوندی سەرای حەمەئاغای عەبباسی بەولاوە بە دەست دەوڵەتەوە بوو لە مەودای هەرچەند کیلۆمەترێک دا پۆستی پشکنین داندرابوو کەسانێک لە خەڵکی ناوچە لە جاش و خۆفرۆش کە دەم و چاوی خۆیان دەبەست و هەر چاویان دیار بوو بە نێو پاس و ماشێن و موسافیرەکاندا دەگەڕان و خەڵکیان شناسایی دەکرد و ئەوی ناسیبایان و لێی درددۆنگ بان دایان دەبەزاند و دەیانبرد و زۆربەیان دەکوژران و نەدەگەڕانەوە منیش گای نێوچاوان سپی بووم عەکسێکم دە خزمەت دوکتور قاسملوو و مەلا عەبدوڵلای حەسەن زادە دا بڵاو ببۆوە لە هەموو ماڵان هەبوو کۆتێکی چەرمیم دەبەردابووزۆر جوان تر بووم لە هەواڵەکانم . باسەکەم دەگەڵ مامە عەلی هێنا گوڕێ چ بکەین پاش یەک دوو ڕۆژان کوتی من حەوتووی داهاتوو شەک بەرانی دابەستە دەبەمە ئیسفەهان و بە بیجاڕ دا دەڕۆم دەتوانی لەوێوە بە ڕێی زەنجان دا بچیتەوە تاران تا بیجار دەتکەمە شوان و برۆ لە ناو مەڕەکە دانیشە و کارت نەبێ . بۆ روون کردنەوە پێویستە بڵێم کە مامە عەلی چێوداری دەکرد مەڕی قەڵەو دەکردن و دەیبرد لە تاران و شوێنی دیکە بە قازانج دەیفرۆشتەوە. تەویلەیەکی دوور و درێژی بوو هەمیشە پڕ بوو لە مەڕ و شەک و شەک بەران گیشە وێنجە و تفاقیش لەولاتر لە سەربان جێ یان بۆ دابین کردبوو. پاش حەوتوویەک ئامادەی سەفەر بووین کامیونی تایبەتی هەڵگرتنی مەڕی بە کرێ گرت و لیباسێکی شڕۆڵەی دەبەر کردم ماشێنەکە دوو تەبەقە بوو هەر تەبەقەی سی چل سەری شەک بەران تێدابوو من چوومە تەبەقەی سەرەوە و نامە و جل و بەرگ و ئەو شتانەی پێم بوون لە نێو دووتوێی پارچە بریزێنتی کامیوندا زۆر بە جوانی شاردرانەوە و کەوتینە رێ لە سەر ڕێگادا شوانێکی دیکەش کە شەریکی مام عەلی بوو هاتە لای من شوانێکی پسپۆڕ و لێهاتوو بوو چڵکن و رەش تاڵە و چوار شانە شەکەکان جار جار بزۆزییان دەکرد و یەک دەکەوتە بەر پێی ئەوانی دیکە. دەربێنمەوە و هەڵی بستێنمەوە بۆ ئەوەی نەخنکێ پێم وانەبوو ئەو کارە هێندە زەحمەتە ئەخت و چارم دەکرد شەکی کەوتووم بۆ نەجات نەدەدرا کابرای شوان کە ئەوەی دەدیت بە هاوارم دەگەیشت و بە دوو زلله و مستە کۆڵە و کسسە کسسە شەکەکانی دەردەکرد و شەکی کەوتووی هەڵدەستاندەوە جارێک رووی تێ کردم و گوتی بابە ئەتۆ چ شوانێکی ناتوانی مەڕێکی هەستێنیەوە گوتم تازەم دەست بەو کارە کردووە زۆری تێدا شارەزانیم وردە وردە فێری دەبم لە درێژەی ڕێگای سەقز تا دیواندەرە سێ یا چوارجار پێشیان پێ گرتین پاسدار وەسەر دەکەوتن و نێو مەڕەکەیان دەپشکنی و یەک دوو پرسیاریان دەکرد و دەڕۆیشتن وەردە وردە بەرەو بیجار وەرێ کەوتین مام عەلی لە تەنیشت شوفیر سوار ببوو کابرای دەگەڵ من بوو وردە وردە لێم وەشک کەوتبوو دەیکوت تۆ دەستت زۆرسپی و خاوێنن نابێ شوان بی پێم بڵێ چکارەی ؟ جوابم دەداوە شوانی مامە عەلیم تازە دەگەڵی کەوتووم فایدەی نەبوو هەر نێوان نێوان تێی هەڵدەکێلام و دەست بەردار نەبوو وردە وردە گەیشتینە بیجار و کەوتینە نێو شار لە جێگایەکی هەندێ چۆڵ ماشین راوەستا و مامە عەلی هات دای بەزاندم و شتەکانم لە نێو جادرەکەی ماشێن دەرهێنا و دابەزیم کابرای شوان بە سەرسوورمانەوە چاوێکی لێکردم و چی نەگوت بە پێکەنینەوە مالاواییم لێکرد و گوتم وریابە شەکەکان سواری سەری یەک نەبن. لە بیجار چوومە ماڵی دۆست و خزمێکی خۆمان بە نێوی ئاغای عەبدوڵلای فەرامەرزی کە بەڕێوە بەری ئیدارەی ئەوقاف بوو لەوێ حەمامم کرد و لیباسم گۆڕی بۆنی مەڕ و شەک وەها جووبوو دە لیباسەکانمەوە کە بۆ گەنیوم رۆژە ڕێیەک دەرۆیشت لە ماڵی ئاغای فەرامەرزی رۆژێک زۆرتر مامەوە تا شیووکۆڵیان بۆ کردم و لیباسیان هەموو بۆ شوشتم نازەنین خانم خودا بی پارێزێ زۆری زەحمەت کێشا بەڵام بۆنی مەڕ و بۆ تەگە لە کۆڵم نەدەبۆوە سەرەنجام پاش دووڕۆژ مانەوە جانتام پێچاوە و بەرەو تاران وەرێ کەوتم لە بیجار و زەنجان و شارەکانی دیکە تا تاران دنیایەکی دیکە بوو پاسدار و سەرباز و پشکنین و ڕاگرتن و پرسیار کردن لە ئاڕادا نەبوو بە خەیاڵی ئاسوودە گەیشتمەوە ماڵی خۆم لە تاران و چاوم بە دیداری ماڵ و مناڵ روون بۆوە. پاش حەسانەوە و دیسان خۆ خاوێن کردنەوە ئەو جار بۆ گەیاندنی نامە و بەیان نامە و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان وەرێ کەوتم. نامە و بەیاننامەم بە یارمەتی خوالێخۆشبوو

داریووشی فروهەر بە بەنی سەدر گەیاند گوتی پێم خۆشە دووبارە پاش یەک دوو حەوتوو بچێتەوە کوردستان و نامە و پەیامی من بۆ حیزب بەرێتەوە.

درێژەی هەیە....